# گەڕانەوەی عەممار حەکیم بەرەو ئاراستە سیاسییە باوەکەی شیعە

08-03-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** پێنج مانگ پاش هەڵبژاردنی تشرینی 2021 و دابەزینی کورسییەکانی، رەوتی حیکمە لە 19 کورسییەوە بۆ تەنیا دوان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی "قوی الدولة"، ئەم رەوتە شیعە عێراقییە کۆنگرەی گشتی خۆی گرێدا. کۆنگرەی نوێ کە 5 ئادار دەستپێکرد لە کۆی 24 ئەندامی مەکتەبی سیاسی، شەشی کرد بە ژن کە چارەکی ئەندامان دەکات، عەممار حەکیمیشی کردەوە بەکەسی یەکەمی رەوتەکە، ئەمەش هەرچەندە لە عێراق و رۆژهەڵاتدا نەریتە، بەڵام لەناو هێزە شیعەکاندا بڕێك زەقترە کە زیاتر خێزانە ئاینییەکان بەسەریاندا زاڵن.

**RRC |**

**یاسین تەها|**

پێنج مانگ پاش هەڵبژاردنی تشرینی 2021 و دابەزینی کورسییەکانی، ڕەوتی حیکمە لە 19 کورسییەوە بۆ تەنیا دوان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی "قوى الدولة"، ئەم ڕەوتە شیعە عێراقییە کۆنگرەی گشتی خۆی گرێدا. کۆنگرەی نوێ کە 5 ئادار دەستیپێکرد لە کۆی 24 ئەندامی مەکتەبی سیاسی، شەشی کرد بە ژن کە چارەکی ئەندامان دەکات، عەممار حەکیمیشی کردەوە بەکەسی یەکەمی ڕەوتەکە، ئەمەش هەرچەندە لە عێراق و ڕۆژهەڵاتدا نەریتە، بەڵام لەناو هێزە شیعەکاندا بڕێك زەقترە کە زیاتر خێزانە ئاینییەکان بەسەریاندا زاڵن.

بەر لە دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، عەممار حەکیم و ڕەوتەکەی لەسەر هێزە میانڕەوەکانی شیعە هەژماردەکران و وەك بەرگریکاری سەنگ و پێگەی دەوڵەت بەرامبەر دیاردەی "لا دولة" دەردەکەوتن. ئەوکاتەشی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی تشرین سەریانهەڵدا (2019) جیاواز لە هێزە شیعە رادیکاڵەکان، حەکیم لەگەڵ عەبادی لەهەوڵی ئەوەدابوون نەچنە بەرەی گرووپە چەکدارەکان و خۆیان جیاکردەوە لە هێزە شیعانەی خۆپیشاندانەکانیان دەگێڕایەوە بۆ دەستی دەرەکی و تێکدەر و خواستی خراپەکاری لە عێراق، بەر لەوەش حەکیم ناوبەناو قسەی لە مەدەنییەت دەکرد و گەنجان و ژنانی هێنایە پێشەوە و بەڕووی وڵاتانی کەنداویشدا کرایەوە، بەڵام لەپاش هەڵبژاردن ئەم هاوکێشەیە وردە وردە خەریکە سەرەولێژ دەبێتەوە و پێگەی نوێی حەکیم زیاتر گەڕانەوەیە بۆ چوارچێوە مەزهەبی و شیعییە نەریتییەکە.

ڕەوتی حیکمە لە پێگە نوێیەکەی و بەرگە نوێیەکەیدا ڕووی لە فەزای شیعی پەتییە، لەم میانەیەشدا داکۆکی لە بەرکەوتەی شیعە دەکات و نەیاری باڵادەستی زۆرینەکەی سەدر و پارتی و سیادەی سوننەیە بەسەر قۆناغی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەشی پێداگرە لەسەر بەشدارینەکردن لە حکومەتی داهاتوو ، کەچی یەکێکە لە ڕاگرە سیاسییەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" و سەرۆکەکەشی کە سەید عەممارە، ریشی درێژتر کردووە لە جاران و لەبری ڕێبەرێکی گەنج زیاتر وەك پیاوێکی ئاینی دەردەکەوێت.

بازنەی نزیکی حەکیم باس لەوە دەکەن پێداگری لە مافی شیعە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی عێراق ئەوانی خزاندووەتە بەرەی "چوارچێوەی هەماهەنگی"، بەڵام ئاماژە و پێدراوەکان ئەوە دەردەخەن دوو هۆکاری سەرەکی لەم گۆڕانکارییەدا ڕۆڵیان هەیە کە یەکەمیان کێبڕکێی دێرینی ماڵی سەدر و ماڵی حەکیمە وەك دوو جەمسەری کاریگەری کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی شیعە، دووەمیشیان پەیامی دەنگدەرانی هەڵبژاردنە کە لە ئاستە عێراقییەکەیدا هیچ لەو هێزانەیان پەسەند نەکرد کە لە ناوەڕاستی تێزە سیاسییە فکرییەکاندا وەستابوون و لە ناوچەی خۆلەمێشیدا یارییان دەکرد.

لەم پێگە نوێیەدا کە گەڕانەوەیە بۆ گوتاری شیعەی باو، حەکیم پاشخان و ژێرخانێکی یارمەتیدەری ئامادەی هەیە. لەلایەك کوڕی عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و کوڕەزای مەرجەعی باڵای کۆچکردووی شیعە؛ سەیید موحسین ئەلحەکیمە، منداڵی نەجەفە و دایکیشی لە بنەماڵەی سەدرە کە لە لوبنانەوە تا قوم ناو و ناوبانگیان هەیە، قۆناخی منالیشی لە خوێندنگاکانی تاران بەسەربردووە و بە باشی ئاشنای کیمیای عەقڵی ئێرانییەکانە.

ڕەوتەکەی سەید عەممار "حیکمە" لە هەناوی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی هاتووەتە دەرەوە، باوکی (عەبدولعەزیز) و مامیشی (محەمەد باقر) کە ڕێبەرایەتییان کردووە، لە ساڵانی هەشتاکان لە نزیکترین هاوپەیمانەکانی ئێران بوون و سەردەمانێکیش تەواوکەری پرۆژەی "کۆماری ئیسلامی" بوون، بەڵام ساڵێك پاش جیابوونەوەی لە ئەنجومەنی باڵا (2017) کەوتە ڕەخنەگرتن لە کابینەکەی عەبدولمەهدی کە جێگەی ڕەزامەندیی ئێرانییەکان بوو، لەسەر ئەمەش ڕەخنە و توانجی زۆری لەلایەن شیعە ڕاستڕەوەکانەوە هاتەسەر و کاتێك قەیرانی خۆپیشاندانەکان ئاڵۆزبوو، وەك نێوانگر سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی کۆکردەوە بۆ قورتارکردنی عەبدولمەهدی !

لە هەڵبژاردنی پێشوودا ڕەوتی حیکمە بە 19 کورسی بەری ئەو ریسکەی چنیبووەوە کە بە هاتنە دەرەوەی لە "ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی" کردی، هەروەها وەك هێزێکی میانڕەوی شیعەش خۆی دەخستەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەبووە یەکێك لە هێزە بنەڕەتییەکان لە چەشنی ڕەوتی سەدر لە کاتێکدا پاشخانێکی ئاینی و هێزێکی بزێوی گەنجانەشی هەبوو، لەم قۆناغەدا ڕەوتی حیکمە زیاتر وەك هێلکەی قەپانەکە لە هاوکێشە شیعییەکاندا دەردەکەوت بۆ زۆرکردنی ژمارەی لایەك بەسەر لاکەی دیکەدا ڕۆڵی هەبوو، لە هەڵبژاردنی 2021 یشدا ئەو ژمارە کورسییەشی هەیبوو بەیەکجاری هاتە خوارەوە.

گەڕانەوەی ئێستای عەممار حەکیم بەرەو ئاراستەی هێزە رادیکاڵەکانی شیعە لە کاتێکدایە کە سەدر قۆرخی پۆپۆلیزمی شەقام و گوتاری نوێنەرایەتیکردنی مەزهەبیشی کردووە، ئەم لاکردنەوەیە بەلای رابردوو، جارێکی دیکە پشتیوانی ئێرانییەکان بۆ حیکمە مسۆگەر دەکاتەوە، جگە لەوەش  لە هەڵمەت و هێرشی شەقامی شیعەی راستڕەو دەیپارێزێت کە هەمیشە عەممار حەکیمیان وەها وێنا دەکرد کە لە هێڵی سیاسی و ئاینی بنەماڵەکەی لایداوە و سەر بە وڵاتانی کەنداوە، ئەم پێشهاتە چاوەڕوانکراوەش بە ئاشکرا لەو شەپۆلە بروسکە پیرۆزباییانەدا دەرکەوت کە گروپە وەلائییەکان بۆ دوا کۆنگرەی حیکمە و هەڵبژاردنەوەی سەید عەممار بڵاویان کردەوە.

لە دەرەوەی فەزای شیعەش، پێگە نوێیەکەی حەکیم کاریگەریی و لێکەوتەی بەرچاویشی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ کورد و شیعەشدا دەبێت، لەم بوارەشدا ئەوە بەسە ئاماژەی پێ بکرێت کە لەپاش 2005 ماڵی حەکیم بانگخوازی بە فیدراڵیکردنی عێراق و دروستکردنی هەرێمی ناوەڕاست و باشووربوون، کەچی ئێستا عەممار بەلای حکومەتی فیدراڵیدا لاسەنگە و زیاتر وەك پارێزەری حکومەتی بەغدا لە ناکۆکییەکانی لەگەڵ هەولێردا دەردەکەوێت و دەستبەرداری پرۆژە کۆنەکەش بووە، گوتاری ئێستای حەکیم کە بەرگریکردنە لە پارێزگاریکردن لە زۆرایەتی شیعە و پاراستنی پرەنسیپی سازان، ئەمەش جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ گوتاری پێش هەڵبژاردن کە هاوپەیمانێتی بەرینی نیشتمانی و بڕینی سنوری تایفەکان بوو بۆ دروستکردنی تیمێکی بەهێزی پێکەوە گونجاو بە گوێرەی ئەدەبیاتی سیاسی ئەوکاتی رەوتی حیکمە، لەژێر ئەم دروشمەشدا ئەنبار و هەرێمی کوردستانی بەسەرکردبووەوە.